# ڕۆژنامەنوسانی کوردستان لە خەونی دەسەڵاتی چوارەمدا

## ئاسۆ کمال

یاداشتێك لەکۆبونەوەیەکی بەرفراوانی ڕۆژنامەنوسان لەشاری سلیمانی 2006/06/8 بەدوای کێشەکەی ئاسۆس هەردی و توانا عوسمان لەگەڵ حکومەتی هەرێمەکەی سلیمانیدا، چەند داوایەکی بۆ سەرۆك و حکومەت و ئەنجومەنی یەکگرتوی یەکیتی وپارتی بەرزکردۆتەوە و داوای یاسایەکی هاوچەرخ دەکەن تا ئەو کاتەی یاساکەش دەردەچێ یاسای بەعس بۆ سزادان هەموار بکرێ تا ئەو فشاری گرتن و دەست دریژیکردن و ریگریانەی دەکرێتە سەر ڕۆژنامەنوسانی کوردستان لابرێت.

ئەمانە مافی ڕەوای ڕۆژنامەنوسانی کوردستانە کە فشار و دەست دریژی کردنە سەریان کۆتایی پێبێت و یاسایەکی چاپەمەنی هاوچەرخ لە کوردستاندا هەبێت.بەڵام ئەوەی ئەم ڕۆژنامەنوسانە سەرنجیان نەداوەتێ یان ڕێگەکەیان بەهەڵە گرتوە ئەوەیە کە داوای دەسەڵاتی چوارەم ،واتە ڕاگەیاندن، لە دەسەڵاتی یەکەم و دووەم و سێیەم ، حکومەت و پەرلەمان و دادگا، بکرێ.

لە کوردستان دەولەت و دەسەلاتێکی مەدەنی نیە کە دەسەلاتەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم ، واتە حکومەت و پەرلەمان ودەزگای قەزایی، لەسەر بنەمای دیموکراتی و پرەنیسیپی پلوالیزم دامەزرابێ تاکو داوای جێگایەکیش بۆ دەسەلاتی چوارەم بکەیت. کاتێك سیستەمی حکومڕانی کوردستان 15 ساڵە لەسەر بنەمای میلیشیایی و شەڕی دەسەلات بەشێوەی شەڕ و ڕێکەوتنی نیوان ئەم یەکیتی و پارتی دامەزراوە و قانونەکانی بەعس حوکم دەکا، دەسەلاتی چوارەم ناتوانێت سەربەخۆ لەمانە و بەرامبەر بەمانە دروست ببێت. ڕۆژنامەنوسانێك کە بەتەجروبەی خۆیان بۆیان دەرکەوتوە کە لەسایەی دەسەلاتی میلیشیایی و نامەدەنیدا دەسەلاتی ئەوان بریتی بووە لەوەی لەبەرامبەر بلاوکردنەوەی هەر هەوالیکدا کە بەدڵی ئەم حزبانە نەبیت دراون بەدادگا یان وەك کەمالی سەید قادر حوکمی سی ساڵ زیندانیان داوە و ئەم دەسەلاتی چوارەمی ئەم ڕۆژنامەنوسانە هەمیشە لەژێر پێی دەسەلاتەکانی یەکەم ،دووەم و سێهەمدا ماوەتەوە.

ڕۆژنامەنوسانی کوردستان ئەگەر داوا لە پەرلەمانی یەکێتی و پارتی بکەن کە یاسای چاپەمەنی هاوچەرخیان بۆ دابنێ ، بێگومان یاسایەکیان بۆ دادەنێ هەروەك ئەوەی 1993دایان نا کە دەسەلاتەکانی یەکەم و دووەم وسێهەم بپارێزێ نەك ببێتە ڕەقیب و دەنگی نارازی بەرامبەر بەخۆی. ئەگەر ڕۆژنامەنوسان بەدیار سیستەمی حکومڕانی لەم چەشنەی کوردستان دانیشن تاکو دەسەلاتی چوارەمیان بەپێی یاسای هاوچەرخ پێ ببەخشێ ئەوا دەبێت لەگەڵ هەر شەق و پەلامارێکی ئاسایش و هەر بانگ کردنێکی مەحکەمە خەون بە دەسەلاتی چوارەمەوە ببینی کە ڕزگاریان بکا.

هەروەها لەم یاداشتەدا سەرەرای ڕەخنە لە سەندیکای ڕۆژنامەنوسان ڕێگای "چاوخشاندنەوەی جدی و بنەڕەتی بەکاروچالاکییاندا" دەخاتە بەردەم ڕۆژنامەنوسان.ئەمە ڕێگایەکی هەڵەیە کە نابێت ئەم ڕۆژنامەنوسانەی لەدەرەوەی دەسەلاتن بیگرن ئەوەیە کە سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی دەسەڵاتداران بە وەسیلە و شوێنی دەسەلاتی چوارەم ببینن و هەوڵی چاکردن و چاوخشاندنەوە بەکارەکانیدا بدەن. ئەمە ئەگەر دەسەلات و کاریکی هەبێت ،دەسەڵاتی چوارەمی حزبە دەسەلاتدارەکان و شوێنی کۆنترۆلکردنی ڕۆژنامەنوسانی ئازادە.

نارەزایەتی ڕۆژنامەنوسانی ئازاد و حەقیقەت خواز و نارازی بەدەسەلاتی میلیشیایی و گەندەڵی دەسەلاتداران لە دروستکردنی ریکخراوی سەربەخۆی خۆیان و فشار هێنانە بۆ سەپاندنی یاسای چاپەمەنی مۆدێرن و حەقیقەت خواز و ئینسانی دا بەسەر دەسەلاتەکانی یەکەم و دوەم و سێیەمدا و وەکو دەسەلاتێکی ئۆپۆزسیۆنی چوارەم بێتە مەیدان و داوا ڕەواکانی خۆی بەدەست بێنێ وجێگیری‌بکا.

2006/06/18